www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 28-8-2006 21:51

بەدینیکردنی دونیا ... بەشی (3) ... ئاگرین

تا گۆڕانکاری نەکرێت لە سیستەمی پەروەردە دا، گۆڕانکاری لە دیکە بوارەکاندا ئاستەم و زەحمەتە. کریشنا مۆرتی لە دووبەشی پێشوودا _ هەرچەند بە کورتی_ ئاوڕێکمان لە هۆکارانی دەرکەوتن و پێشوازی کردنی ئەم تێزە (بەدینیکردنی دونیا) و پاڵنەرانی دایەوە، ئێستا با بزانین ئامانجەکانی ئەم پلانەو شێوەی بەرەنگاربوونەوەی چۆنە.

بەدینیکردنی دونیا واتا گواستنەوە، یان دابەزاندنی سەرجەم بەها و مۆرالە ئاسمانی یەکان بۆ زەوین و ئاسمانیزەکردنی ژیانی سیاسی، ئابووری، کۆمەلایەتی و پەیڕەو کردنی ژیانێك لە بەر ڕۆشنایی دیندا یان بە جۆرێکیتر ئەو جیهانی کردنی ئەم جیهانە و تەنانەت لابردنی بەرزەخی چاوەڕوانی وەك لە دەقە دینییەکاندا ئاماژەی پێدراوە.

بەدینیکردنی دونیا کە ئەگەر نموونە مێژوییەکانی وەبیر بێنینەوە دەزانین لەودیوویەوە بازرگانیکردنی دینی و حەرامکرنی ژیان لە چینێکی بەرفراوان و حەڵاڵکردنی بۆ ئەمیرو دەست و پێوەندییەکانی و ئەنفالی فیکری، سیاسی و مەعریفی و کەلتورساید و تاڵانی کتێبخانەکان و ڕەتکرنەوەی بەها مرۆییەکان دەبینری وەك لە سەدەکانی حاکمییەتی کلێسە لە ئەوروپا دیتمان یەکەم بەرهەمی ئەم تێزەش دوای سەرکەوتنی دروست کردنی ئاگرستانێك بۆ ئەندیشە و بیر و ڕا و بۆچوونە نادینی یان تەنانەت دینییە نەرمەکانە و شاڵاوی سووتانی دەقە فیکرییەکان و سەربڕین و سەرپەڕاندن و سوتاندنی بیرمەندان لە دیکە یادگارەکانی دەسەڵاتداریتی ئەم فیکرەیە.

بە دینیکردنی دونیا واتا دانانی دەیان و سەدان بەربەست و دیوار بە ناو پارێزگاری و پاراستنی حوکمی وەهمیی دین و دینمەداران.

ڕاستە ئێستا سەدەی شۆڕشی زانیاری و مرۆڤی ئابووری و... بەڵام لە کوردستان زەمینەی ڕۆیشتن بەرەو پیری وەها قۆناغێکی مەترسیدار فەراهەمکراوە و تادی نارەزایەتی لە خود بە عەلمانیزانەکانیش زیاتر دەبێ و ئەمەش درووست لە بەرژەوەندی خێوەتدارانی ژانگرتوو بەم دۆزەخەیە و ئەوەش بمێنی هێشتا قورسایی بەها دینییەکان بڕبڕەی پشتی کۆمەڵگای شکاندووە. سیاسییانی ئێمە هێشتا (خورمژ) هەڵدەبژێرن، هێشتا تەکلیفی خۆیان لە گەڵ دیموکراسی و دین یەکلانەکردۆتەوە بۆ نموونە چەپو مارکسیم و حەجیش دەکەم!

پرسیار ئەمەیە چ ڕێگایەکمان لە بەرە بۆ پێشگرتن لە تەشەنە سەندنی باگراوەندەکانی ئەم تێزە پڕ مەترسییە. ئەز وا ئەزانم یەکەم هەنگاو یارمەتیدانی درووستکردنی بزاڤێکی پرۆتیستانیزمی ئیسلامییە ئەمەش پێویستی بە هاوکاری سەرجەم هێز و لایەنە دیموکرات و پێشڕەوەکان هەیە. ئەم بزاڤەش دەتوانی پردی پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خودا وەلا بنی ئەم دوانە ڕاستەوخۆ و دوور لە ئامادەبوونی هەرچەشنە مافیایەکی دینی بێت و بازنەی پیرۆزییەکان بچووك بکاتەوە و "خوداوەندێکی میهرەبان" دوور لە چاوی پڕ نەفرەتی واسیتەکان پێناسە بکری و مرۆڤ بۆ خۆی بڕیارلە سەر لایەنە میتافیزیاییەکانی ڕۆح و وجودی بداتەوە و سێبەرەکانی تیۆکراسیەت و دەلالەکان نامێنی و کەس بۆی نیە کلیلی بەهەشت بفرۆشی و یان بە T. N. Tموسافیر بە ناو خوێن و جەستەی لەتلەتکراوی قوربانییە بێتاوانەکان بۆ بەهەشت بنێرێ، تەسەوری ئەوە بکەن ئەمرۆ ئەوان بە تایبەت بالّی پێشڕەویان لە پەنا و پەسیوەکان دەبزوی و وەها هەڕەشە لە ژیان دەکەن جا ئەگەر بێت و حوکم بگرنە دەست چی ناکەن؟!! پرۆتیستانیزمی ئیسلامی دوکان و بازاڕە دینییەکان قەپات دەکات وموشتەرییەکانیان لێ دەسێنێتەوە لە هەمانکاتیشدا کۆتایی دێنی بە کالّفامی دینی و دین وەك دین بۆ مرۆڤی بڕوادار بە جێدێڵێ.

پرۆتیستانیزمی ئیسلامی لە بەرانبەر بە دینیکردنی "دونیاییکردنی دین"ی لێ دەکەوێتەوە و بە یەکجاری زەلکاوەکانی تیرۆر و وەحشەت ویشك دەکات بە بێ هیچ بێحورمەتیکردنێك بە زاتی دین.
لە دیکە ئەرکەکانە قودرەتی سیاسی بەرفراوانکردنی گوزارەکانی هەڵبژاردنە بۆ نموونە با 5% مزگەوتەکانی کوردستان لە وڵاتدا مەلهە و یانەی شەومان هەبێت.
با دەیان نادی و مەیخانەمان لە ناو شارەکاندا هەبێت با ئیمکانی ژیانێکی یەکسان و عادیلانە بۆ هەمووان پێك بهێنری، ئەو کات بزانم گەنج و لاو لە باتی مزگەوت بۆ کوی دەڕۆن؟
تۆ دەبێ بە هەموو شێوەیەك سوتەمەنی لە خێوەتە دینیەکان ببڕی ئەگینا سەرکەوتن مەحاڵە. با سیستەمی پەروەردە جۆرێك دارێژی، کە عەقڵییەتی بنەماڵە و کۆمەڵگا بخاتە ژێر کاریگەرییەوە نەك بە پێچەوانەوە.
پرۆتیستانیزمی ئیسلامی سەرکەوتوونابی تا پەرلمان بۆ دارشتنی یاسا لە سەدەی بیست و یەمەکمدا بۆ دەقەکانی سەدەی شەشەم و حەوتم بگەڕێتەوە!
بێگومان دەسکەوتی مەزنی سەرکەوتنی پرۆتیستانیزمی ئیسلامی خانەنشینکردنی دینی سیاسی و بایکۆتکردنی تێزی "بە دینیکردنی دونیا"یە.
کۆتایی